Available online at http://aran.garmian.edu.krd

**Aran Journal for Language and Humanities**

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC-7

# مێژووی ڕووپێوی شوێنەواری لە هەرێمی کوردستان

**عبداللە بكر عثمان**

شوێنەوار، ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، هەرێمی كوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **April 2025** |
| Accepted | **May 2025** |
| Published: | **August 2025** |

**Keywords**

**روپێوی، شوێنەوار، شارستانیەت، كوردستان، مێژوو.**

**Corresponding Author**

**Abdullah.othman@su.edu.krd**

**پوختە:**

ڕووپێوی شوێنەواری پرۆسەیەكی زانستی مەیدانییە لەلایەن پسپۆرانی بواری شۆێنەوارناسی ئەنجام دەدرێت، مەبەست لەم پرۆسەیە گەڕان و دۆزینەوەی شوێنەوارو تۆماركردنی زانیاری لەسەر پێگە شوێنەوارییەكان و دیاركردنیان لەسەر نەخشەی شوێنەوارییە. توێژینەوەكە باس لە مێژووی رووپێوی شوێنەواری لە هەرێمی كوردستان دەكات هەر لەو كاتەی كە گەریدە و شوێنەوارناسەكان دەركەوتوون توێژینەوەكە تاوتوێ ئەم مێژووی سەرهەڵدان و كارە زانستیە دەكات. رووپێوی شوێنەواری وەك هەڵكۆڵینی شوێنەواری بەردەوام بووە بەڵكو رووپێوی مێژووەكەی كۆنترە چونكە رووپێوی واتا گەران و دۆزینەوەی شوێنەوار. گەریدەكان سەرەتا ئارەزوومەندانە گەرانیان بە نازانستیانە بەدوای شوێنەواردا ئەنجامداوە. وە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە شوێنەوارناسان ئەم پرۆسەییەیان بە زانستی كردووە. هەرێمی كوردستان یەكێكبووە لەو ناوچانەی كە چێگای بایەغی و سەرنجی گەریدە و شوێنەوارناسانی بیانی بووە وە هەر كاری ئەمانە بووەتە هۆی دۆزینەوە و بەدیارخستنی شارستانیەتە كۆنەكانی ناوچەكەمان. توێژینەوەكە كرۆكی مێژووی دێرنی رووپێوی شوێنەواری و رووپێوی نوێی شوێنەواری تاوتوێ دەكات و بە دڕشتی دەچێتە ناو قووڵی بابەتەكەوە. رووپێوی شوێنەواری كۆن و نوێی هەر سێ پارێزگاكە بەداتا تاوتوێ دەكات و دەرئەنجامەكانشی لە سەر مێژووی شوێنەوار و شارستانیەتی ناوچەكە دەردەخات.

## پێشەکی:

رووپێوی شوینەواری ئەو زانستەیە کە گرنگی دەدات بە گەران و دۆزینەوەی پاشماوەی شوێنەواری مرۆڤ و دیاریکردنی ناوچە شوینەوارییەکان و تۆمارکردنیان و بەداتاکردنیان وە ئامادەکردنیان بۆ لێکۆڵینەوەی قووڵتر بە ئەنجامدانی هەڵکۆڵینی شوینەواری. رووپێوی شوێنەواری بە دەستپێکی کاری مەیدانی دادەنرێت پێش ئەنجامدانی هەڵکۆڵین ،واتا رووپێوی ئەنجام دەدرێت ئەنجا هەڵکۆڵین. رووپێوی شوێنەواری زانیاری بەسود و تۆکمە لە سەر شێوازی ژیان و قەبارەی نیشتەجێبوونی شارستانیەتی کۆن بەردەستەدەکات (الطلبي، 2021، ص 7).

رووپێوی شوێنەواری سەرەتا بە شێوازێکی مەیدانی وسادە لەرێگای بەکارهێنانی ئامێری تەقلیدی وەك سەتەلایتی کۆرۆنای کۆن ئەنجامدەدرا دواتر ئەم زانستە گەشەی کردووە وەك لە ئێستادا ئەم زانستە بەرفراوانتربووە لە گەڵ بواری تر تێکەڵ بووە وەك زانستی تەکنۆلۆژیا و جوگرافیا و زانستی مرۆڤناسی وە ئەم کارە مەیدانیانە رووپێوە ئەرزی و رووپێوە هەواییەکان بە بەکارهێنانی فرۆکەی بێ فرۆکەوان لە خۆدەگرێت لە گەڵ رووپێوی جیۆفیزیك بە بەکارهێنانی تیشکی خوێندنەوەی پاشماوەکانی ژێرزەوی. زۆر رێگا هەن بۆ رووپێوی شوێنەواری وەك رووپێوی ئەرزی و هەوایی یا ئاسمانی و جیۆفیزی و وەرگرتنی نموونە و رووپێوی خوێندنەوە لە دوور و گەران بە دوای کانزادا. وە سەبارەت بە میتۆدی رووپێویکردن زۆر رێبازی جیاواز بە پێی سرووشتی جوگرافیا ناوچەکان دەگۆردرێن. وە زۆر کەرەستەو ئامراز و ئامێری جیاواز بەکاردێن وەك ئامێری تۆتاڵ ستەیشن بۆ وەرگرتنی خاڵ و درووستکردنی نەخشەو هێڵکاری و ئامێری جی پی ئێس بۆ دەستنیشانکردنی خاڵی جوگرافی و درۆن و راداری خوێندنەوەی برینی زەوی و پێوانەی موگناتیسی و پێوانەی بەرگری و ئامێری لیدار بۆ دۆزینەوەی تیشك و مەودا و ئامرازی هەڵکەندن و ئامێری دۆزینەوەی کانزا و کامیرا و قیبلەنمە و کۆمپیتەر لە گەڵ چەندین کەرەستەی ووردی تر. گرنگی رووپیوی شوێنەواری لە چەند بواریك خۆی دەبێنێتەوە وەك ناساندنی ناوچەکەو تۆمارکردن و پاراستنی کلتور و شیکردنەوەی شوێنگەیی و کۆکردنەوەی زانیاری و لێکۆڵینەوەی هەرێمی و بەراوردکاری و نووسینەوەی توێژینەوەی و هۆشیاری گشتی (الحسینی، 2022، ص3-56).

ناوەرۆکی توێژینەوەکە تیشك دەخاتە سەر چەند بابەتێك بە پێشەکی دەستپێدەکات و باس لە مێژووی دەسپێکی پرۆسەکانی رووپێوی شوێنەواری لە عیراقدا و هەرێمی کوردستان دەکات وە بە ووردی باس لە مێژووی رووپێوی هەرسێ پارێزگایەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك دەکات. وە لە بەشێکی تری دا بە پێی سەردەمەکان باس لە گرنگترین ئەو شوێنە شوێنەواریانە دەکات کە رووپێویان بۆ کراوە.

توێژینەوەکە لێکۆڵینەوە لە مێژووی رووپێوی شوێنەواری لە هەرێمی کوردستان دەکات وە ناچەکە وەك سنوری جوگرافیا باشوری کوردستان دەگرێتەوە توێژینەوەکە باس لە ناوچە جێناکۆکەکان ناکات چونکە ئەم ناوچانە بەشێکی زۆریان لە کاری رووپێوی و هەڵکۆڵینی شوێنەواری بێبەشکراون لە بەر هۆکاری ناسەقامگیری ئەو ناوچانە، دوای لە باربووونی ناوچەکە و هاتنی ئارامی و ئاسایش بۆ ناوچەکە سەرنجی شوێنەوارناسانی بیانی و ناوخۆی بۆخۆی راکێشا. لە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق هەرێمی کوردستان بووە جێگای توێژینەوەی شوێنەوارناسان و وە لەم بوارەدا هەرێمی کوردستان پێش ناوچەکانی دیکەی عێراق کەوت لە رووی رووپێوی و هەڵکۆڵینی شوێنەواریدا.

## گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە زانیاری نوێ فەراهەم دەکات لە سەر هەرێمی کوردستان بەگشتی وە بە تایبەتی لە رووی رووپێوی شوێنەوارییەوە. داتایەکی زۆر دەخاتە بەردەست خوێنەران و شوێنەوارناسان. دەست نیشانکردن و دیاریکردنی ئەو پێگە و گردی شوێنەوار و ئەشکەوت و شوێنە کلتوریانە بەردەوامبوونی ژیان و شارستانیەت لە ناوچەکەدا دەردەخات. وە ئەنجامی رووپێوە نوێیەکان لە داهاتوودا زانیاری زۆر گرنگ دەخەنە سەر لاپەرەکانی مێژووی رووپێوی شوێنەواری لە هەرێمی کوردستان

## ئامانجی توێژینەوەکە

دەرخستن و نیشاندانی کۆنترێن کاری رووپێو و شوێنە شوینەواریەکان لە ناوچەکەدا وە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە خوارەوە:

١- کەی یەکەم رووپێوی زانستی شوێنەواری لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە ؟

٢- رووپێوە شوێنەواریە نوێیەکان کەی دەستی پێکردەوە و بۆچی ؟

٣- بۆچی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە و سەرنجی شوێنەوارناسە بیانیەکانی بۆخۆی راکێشاوە؟

## میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە کۆکردنەوەی داتای رووپێوە شوێنەواریەکان بەستووە کە ئەنجامدراون بەشێکیان بڵاوکراوەتەوە وە بەشێکیان بڵاونەکراوەنەتەوە وە بەشێکیان هەر راپۆرتی سەرەتاییان هەیە. دوای کۆکردنەوەی داتاکان و رێکخستنی زانیارییەکان لە رێگای نەخشە و خشتەوە میتۆدێکی گشتگیری لە خۆگرتووە.

## پلانی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە لە چەند تەوەرەیەك پێکهاتووە: مێژووی سەرهەڵدانی ڕووپێوی شوێنەواری لە عێراقدا بە شێوەیەکی گشتی وە مێژووی ڕووپێوی لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ مێژووی ڕووپێوی لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك و لەگەڵ گرنگترین ئەو شوێنە شوێنەواریانەی ڕووپێویان بۆکراوەو لە کۆتاییدا ئەنجام و دەرهاویشە مێژوویەکانی هەڵکۆڵینە شوێنەواریەکان لە سەر ناوچەکە تاوتوێکراوە.

## مێژووی دەسپێکی پرۆسەکانی ڕووپێوی شوێنەواری لە عیراقدا

ڕووپێوی شوێنەواری لە وولاتی عێراقدا بە بەراورد بە وولاتانی دراوسێدا تا رادەیەك لە ئاستێکی باشدا بووە. چونکە بەشێکی زۆری ناوچە شوێنەوارییەکان وەك زەقورە و شارەکۆنەکانی وەك بابل و سامەرا و مزگەوت و منارەکانی وەك خۆی مابوونەوە. ئەمەش وای کرد کە سەرنجی شوێنەوارناسە بیانیەکان بۆ خۆی رابکێشێت. هەر لە سەرەتای هەژدەوە بەشێك لە گەریدە و ئارەزوومەندەکان وەك رۆژهەڵاتناس خۆیان لەم بوارەدا بەدوای کەرەستەو پاشماوە شوێنەواریە گرانبەهاکان دەگەران و بۆ بەرژەندی خۆیان ئەنجامدەدا. سەرەتای ڕووپێوی شوێنەواری زانستی لە لایەن (هنری لایارد  Lyard A.h.) ئەنجامدراوە بۆ ناوچەی شوێنەواری نمرود وە دواتر ئاگادار کرایەوە کەوا بە هەمان شێوە پاشماوەی شوێنەواری ئاشوریەکان لە باکوری سوریا لە ناوچەی (عجاجە) هەیە بۆیە ڕووی لەوێ کرد ئەمش بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دەگەرێتەوە وە بەدیاریکراوی ساڵی (1899). دوای ماوەیەکی زۆر شوێنەوارناسی ئەڵمانی (ماکس ڤۆن ئوبنهایم M. Von. Oppemheim ) شارستانیەتی حەلەفی لە باکوری سوریا دۆزیەوە هەر لەوێش کاری ڕووپێوی و هەڵکۆڵینی ئەنجامدا بە دیاریکراوە لە ساڵی 1933 (الطلبي،2021، ص10).

لە ساڵی 1934 شوێنەوارناس و زانا (ماکس مالۆوان Max Mallowan) لە ناوچەی خابور کاری ڕووپێوی ئەنجامدا وە رۆڵێکی زۆر گرنگی بینویە، دەستی بە وێنەکێشانی ئەو پارچە گڵێنانە کرد کە دۆزیبووینەوە وە لە ئەنجامدا کرۆنۆلۆژیای سەردەمەکانی پێش مێژوو تا سەردەمی ئاشوری لە باکوری میسۆپۆتامیا درووستکرد (Mallowan, 1958, p. 276).

لە ساڵی 1937-1936 ( سورکید جاکۆبسین Th. Jacobsen) لە ناوچەی دیالی کارێکی تۆکمەی ئەنجامدا وە خۆی وەك بیرەوەریەك باسی دەکات و دەڵێت هەموو پێگەیەکی شوێنەواریمان ڕووپێو کردووە وە لە سەر نەخشە دیاریمان کردووە وە لە هەمان کاتدا پۆلێنمان بۆ گڵینە دۆزراوەکان بە پێی سەردەمەکانیان کردووە (Jacobsen, 1995, pp.285-339).

وە شوێنەوارناس ( ستین لیود S. Lioyd ) لە ساڵی 1938 ئەو ناوچانەی کە کەوتوونەتە دەوروبەی چیای شنگال تا ناوچەی خابور کاری ڕووپێوی بۆ ئانجامدان وە زۆر بە ووردی کارەکانی ئەنجامدا و وە لە ئاکامدا بەنزیکەی 78 پێگەی شوێنەواری دیاری کرد. ستین لیود بە هەمان شێوەی ماکس مالوان لیستێکی بۆ ئەو پێگە شوینەواریانە درووستکرد لە گەڵ دیارکردنی مێژووەکەیان و سەردەمەکانیان وە بۆ سەر دوازدە کۆمەڵە دابەشی کردن.

وە لە ساڵی 1958-1957 ماك ئادمز R. Adms ڕووپێویەکی زۆر ووردتری بۆ ناوچەی دیالی ئەنجامداوە وە 119 پێگەی شوینەواری تری دۆزیەوە (Adams, R.M, 1981, p.27).

دوای ماوەیەکی زۆر لە ساڵی 1980 بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری عێراق 150 پێگەی شوێنەواریان دیاری کرد لە بەنداوی ئەسکی موسل لە هەردوو دیوی شاری دهۆك و موصل. تەنها 60 پێگەیان هەڵکۆڵینی بۆ کرا وە سەردەمەکانی چاخی بەردینی تا سەردەمی ئیسلامی تێدا دۆزرایەوە وە لە ساڵی 2019دا هەردوو شوێنەوارناس سکۆنزۆ لە زانکۆی توبینگینی ئەلمانی و فرانسیسکۆ لە زانکۆی ئۆکسفۆردی بەریتانی دووبارە پێگە شوێنەوارییەکانیان دیاری کردەوە.

کارەکانی ڕووپێوی شوێنەواری لە عێراق لە سەردەمی ئادمز و هاورێکانی دەرکەوت و ئەمەش بە هۆی کارەکانی پێشووی مەلوان و لوید جاکوبسن بووە کە لە سییەکانی رابردوو کاریان ئەنجامدواە. وە لە ساڵی 1986 پرۆژەی ئاودێری جەزیرە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری عێراق ئەنجامدرا لە ئاکامدا شوینەواری چاخی بەردینی نوێ تا سەردەمی ئیسلامی دۆزرایەوە. وە لە ساڵی 1990 لە بەنداوی عوزیمە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری عێراق ئەنجامدرا. لە 2001 بەرێوەبەرایەتی شوینەواری عێراق  لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی عێراق دەستی بە رووتیوی کردن کرد بۆ تۆمارکردنی ئەو پێگە شوینەواریانەی کە پێشتر تۆمار نەکراون ئەنجامدا (الطلبي، 2021، ص.24). بەشێکی زۆری ئەم ناوچانە پێشتر لە لایەن بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری عێراق لە دوو پەرتووکدا تۆمارکران کە لە لایەن شوێنەوارناس سەلمان، یەکمیان بە ناونیشانی ناوچە شوێنەواریەکان لە عێراقدا لە ساڵی 1970 بڵاوکرایەوە (Salman, I., 1970) وە پەرتووکی دووەمیان ئەتلەسی ناوچە شوێنەوارییەکان لە عێراق 1976 بڵاوکرایەوە (Salman, I., 1976). لەم کتێبانەدا لە سنوری پارێزگای هەولێر 637 پێگەی شوێنەواری تۆمارکراون وە لە سنوری پارێزگای سلێمانی 843 پێگەی شوێنەواری تۆمارکراوە وە لە سنوری پارێزگای دهۆک 408 پێگەی شوینەواری تۆمارکراوە. بەڵام لەگەڵ ئەنجامدانی ئەم ڕووپێویە نوێیانە سەدان گرد و تەپ و ناوچەی شوێنەواری نوێ دەرکەوتن وە بەشێکیان لە رێگای لە ئەنجامدانی پرۆژەی وەک درووستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون و رێگا و بان و بەنداو و پرۆژەی ئاودێری کێڵگەی جوتیاری هتد دۆزراونەتەوە تۆمارکراون.

## مێژووی رووپێوی شوێنەواری لە هەرێمی کوردستان

بوونی ژمارەیەکی زۆرلە شوێن وپێگەی شوێنەواریی و مێژوویی گرنگ لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بووەتە جێگای بایەخی شوێنەواناسان و لێکۆڵەران و تیمە شوێنەواریی ودەزگا زانستی و ئەکادیمیەکان لەسەر ئاستی جیهانی و خۆجەیی لە سۆنگەی ئەو ڕاستییەی کە خاکی کوردستان هەر لە چاخەکانی پێش مێژوو ئاوەدانی بەخۆوە بینیوەولانکەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بووە کە یادگاری مرۆڤی یەکەم بوونی هەیە لە کوردستان وەک ئەشکەوتی شانەدەر لە چیای برادۆست وردستان جیهانێکی گەورە لە شوێنەوار و مێژووی مرۆڤایەتی لە ناوچەکەلە ئاسەوارە مێژوویەکان کە بە بەڵگەی ڕەسەنەوە مێژووی هەزاران ساڵەی گرنگی ناوچەکانی و هەرێمی کوردستان بووەتە جێگای بایەخی شوێنەواناسان هەرێمی کوردستان بەتایبەتی ناوچە شاخاوییەکانی هەڵگری دێرینترین شوێنەواری عێراق و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی ناوەراستن. ئەشکەوتە کۆنەکانی ئەم ناوچەیە بووەتە جێگای لێکۆڵینەوە و راکێشانی چەندین زانکۆی بەناوبانگی جیهانیەکان. شوێنەوارە دۆزراوەکانی ئەم ئەشکەوت و گرد و پێگەی شوێنەوارە شوێنەواریانە گەواهیدەری ئەوە دەدەن بەدەستەوە کە هەرێمی کوردستان لانکەی مرۆڤایەتی بووە بە تایبەتی ئەشکەوتی شانەدەر لە پارێزگای هەولێر کە پاشماوەی کۆنترین مرۆڤی نیاندرتاڵی تێدا دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ چاخی بەردینی کۆن دەگەرێتەوە. ئەشکەوتەکانی تری وەك ئەشکەوتی زەرزی و هەزارمێر لە پارێزگای سلێمانی مێژووەکانیان بۆ چاخی بەدینی کۆنی کۆتایی دەگەرێتەوە وە ناوچە شوێنەوارەکانی تری وەك گوندی زاوی چەمی بۆ چاخی بەردینی ناوەراست وگوندی چەرمۆ بۆ چاخی بەردینی نوێ دەگەرێتەوە. بۆیە ئەم ناوچانەمان ئاماژە پێدا کە بوونەتە نووسینەوەی مێژووی کۆنی عێراق و هەرێمی کوردستان. لە باسەکانی تردا بە درشتی تاوتوێ سەرەتای ئەنجامدانی رووپێوی شوێنەواری بە پێی پارێزگاکان دەکەین (عثمان، 2024، لا.2).

## مێژووی رووپێوی لە پارێزگای هەولێر


مێژووی رووپێوی لە هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە پارێزگای هەولێر لە دەشتی مەخموور دەستی پێکردووە وە لە هەمان کاتدا هەڵکۆڵینی شوێنەواریش ئەنجامدراوە. بەرێز محمد ئەمین لە بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری عێراق و ماکس مالۆوان لە ساڵی 1949 بۆ یەکەم جار بۆ مێژوو ئەم کارە شوێنەواریەیان ئەنجامداوە وە لە ئاکامدا پاشماوەی شوێنەواری سەردەمەکانی برونزی کۆتایی و میتانی و ئاشوری ناوەراست و ئاشوری نوێ و هلنستی ئەشکانی و ساسانی و ئیسلامیان دۆزیەوە (El Amin & Mallowan, 1949, p. 150, 160).

وە لە ساڵەکانی نێوان 1948 و 1950-1951 و 1954-1955 شوێنەواناسی ئەمریکی رۆبەرت برەیدوود (Braidwood, Robert) و بروس هاو (Bruce Howe) لە زانکۆی شیکاغۆ رووپێوی و هەڵکۆڵینی شوێنەواری بۆ بەشێکی زۆری ئەو ناوچانە ئەنجامداوە کە مێژووەکەیان بۆ چاخی بەردینی کۆن دەگەرێتەوە. رووپێویەکەی ئەم ئەشکەوت و پێگەی شوێنەوارانەی لە خۆپێگەی شوێنەوارۆتەوە وەك لە پارێزگای هەولێر ئەشکەوتی کاوانیان (لە شەقڵاوە) و بانە هیلك ( لە سۆران) و ئەشکەوتی سپیلك و شانەدەر و زاوی چەمی. بەڵام ئەنجامی ئەو رووپێوی و هەڵکۆڵینە شوێنەواریەی لە ساڵی 1961 لە پەیمانگەی رۆژهەڵاتناسی لەزانکۆی شیگاغۆ لە گۆڤاری دیراساتی شارستانیەتی رۆژهەڵاتی کۆن بەرگی 31 بڵاوکردۆتەوە (Braidwood, R. J. & Howe, B., 1960, p. 25, 29, 30,).

لە ئەنجامی جەنگی نێوان عێراق و ئێران لە ساڵی 1980 هەرچی چالاکی پەیوەست بە رووپێوی و هەڵکۆڵینی شوێنەواری هەیە وەستا بە تایبەت لە ناوچەکە وە دووبارە چالاکیەکان وەستان بە هۆی شۆرشی راپەرینەوە لە ساڵی 1991 تا ئازادکردنی عێراق لە ساڵی 2003 وە لەدوای ئەم ماوەیە تا ئاسایی بوونەوەی دۆخی هەرێم لە دوای 2003 ەوە هاتنەوەی شوێنەوارناسە بیانیەکان بۆ ناوچەکە کە ئەمەش لە رووی مێژووی رووپێوی و شوێنەواریەوە پێش بەشەکانی دیکەی عێراق کەوت لە بەر لەباربوونی بارودۆخی هەرێم ئەمەش وای کرد تیمی شوێنەوارناسە بیانیەکان لە زانکۆکانی جیهان روو لە ناوچەکە بکەن بۆ دووبارە ئەنجامدانی کاری رووپێوی و هەڵکۆڵینی شوینەواری.

لە دوای ئەم هەموو ماوەیە دووبارە شوێنەوارناسانی جیکی بەسەرپەرشتی (کارل نۆڤاچیك Karel Nováček) لە پرۆژەیەکدا لە ژێرناونیشانی (The Medieval Urban Landscape in Northeastern Mesopotamia (MULINEM)) لە 2006 بۆ 2010 کاری رووپێوی و لێکۆڵینەوە لە سەردەمەکانی کۆتایی ساسانی و ئیسلامی لە شاری هەولێر ئەنجامدا (Karel, N., et al, 2016, p.1).


وە لە ساڵی 2012 تیمێکی شوێنەوارناسی ئەمریکی لە زانکۆی هارڤارد بە سەرپەرشتی جەیسن ئور پرۆژەیەکی گەورە و گرنگیان لە ژێر ناونیشانی (Erbil Plain Archaeological Survey - Harvard University) رووپێوی شوێنەواریان بۆ دەشتی هەولێر ئەنجامدا تا ئێستاش بەردەوامن بە نزیکەی زیاتر لە 700 پێگەی شوێنەواریان رووپێوکردووە (Ur, J., et al, 2013, p.89).




نەخشەی (2): رووپێوی دەشتی هەولێر

https://www.arcgis.com/apps/View/index.html?appid=fc7be199412d46079b71f320ddeb7fe9&extent=42.5447,35.2854,45.0290,36.4738)

پرۆژەیەکی دیکەی زۆر گرنگ لە ساڵی 2012 تا 2015 لە ژێر سەرپەرشتی رافایل کۆلینسکی لە زانکۆی (Adam Mickiewicz University) لە ژێر ناونیشانی ( ئوزگار) ((Upper Greater Zab Archaeological Reconnaissance (UGZAR)) رووپێوی شوێنەواری هەردوو دیوی زێی گەورەی لە خۆگرتووە لە بێخمەوە تا کەلەك وە لە ئاکرێوە تا شەقڵاوە. بە نزیکەی 312 ناوچەی شوێنەواریان رووپێوی کردووە. ئەو پێگە شوێنەوارییانەی کە دەکەونە سنوری هەولێر نزیکەی 146 پێگە دەبن (Koliński, R., 2018, p.13-14).




نەخشەی (3): نەخشەی رووپێوی بەشی رۆژهەڵات و رۆژئاوای زێی گەورە UGZAR


(https://archeo.amu.edu.pl/Pracownicy/nauka/badania/historia-osadnicza-irackiego-kurdystanu/alrg

له 2013 شوێنەوارناس میشێل دانتی (Michael D. Danti) له زانکۆی بۆستنی ئەمریکی پرۆگرامی رووپێوی له ژێرناونیشانی ( The Rowanduz Archaeological Program) ئەنجامدا وه سەنتەری ئیدارەی سۆران و رواندز و سیدەکانی له خۆگرتەوه (دەشتی دیانه و گردی شوێنەواری دەشت و گوندی تۆپزاوا و قەبرستانی تۆپزاوه و قەلاتی لۆکان بوونه شوێنی لێکۆڵینەوەی) (Michael, D., 2014, p.1).

هەر له پارێزگای هەولێر له شارۆچکەی خەلیفان شوێنەوارناس کلاودیه بوگیر(Claudia Beuger) له زانکۆی مارتن لوثێری ئەلمانی له ساڵی 2014 له ژێر ناونیشانی (Archaeological Survey in Khalifan) رووپێوی بۆ ئەم ناوچەیه ئەنجامدا، ئەم رووپێویه له 2014 تا 2019 بەردەوام بووه له ئەنجامدا ده نیشنگه و ئەشکەوتیان تۆمارکردووه. ئەم ناوچانه زانیاری گرنگه دەبەخشنه سەر مێژووی کۆتایی هەزارەی دووەم و هەزارەی یەکەم که ناوچەی سنوری جیاکەرەوەی ئاشوریەکان و ئورارتیەکان بووه (Beuger, C. et al, 2018, p. 47).

شوێنەوارناس تیم کیریگ (Tim Kerig) له زانکۆی کیلی ئەڵمانی له 2016 دا پرۆژەیەکی رووپێوی و هەڵکۆڵینی له شاری سۆران به ناونیشانی (From Mound to Cave) ئەنجامدا. پرۆژەکەیان دەشتی دیانەی (دەشتی دێلزیان) وەك گردی شوێنەواری دەشت و ئەشکەوتی رەش رووپێوی و هەڵکۆڵینی شوێنەواریان ئەنجامدا (Kerig, et al, 2019, p.233).

وه له شارۆچکەی کۆیه رووپێوەیەکی شوێنەواری له لایەن شوینەوارناس چنزیا پاپی (Pappi, C) له ساڵی 2016 دا ئەنجامدرا که سنوری رووپێویەکەی رووباری زێی گەوره دەکەوتێ رۆژئاوا وه هەبەت سولتان له رۆژهەڵات و زورگەکانی بێستانه تا گۆمەسپان له رۆژئاوه وه سماقولی تا نازەنین و سکتان له باکور. وه له 2003 دا رووپێویەکی شوێنەواری له لایەن بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی و کۆیه ئەنجامدرا له ئەنجامدا 60 پێگەی شوینەواری تۆمارکران (Pappi, C., 2016, p.2).




نەخشەی (4): رووپێوی شوێنەواری له شارۆچکەی کۆیه (Pappi, C., 2016, p.2)

وه له ساڵی 2018 دا شوێنەوارناس د. زێدان رەشید خان اودل برادۆستی پرۆژەیەکی رووپێوی شوێنەواری له ناوچەی برادۆست ئەنجامدا، ناوچەی برادۆستی بۆ سەر چوار ناوچه دابەشکردووه: حەوزی سیدەکان و ناوچەی خواکورک و دەشته هێرت و دەشتی بەرازگر. رووپێوەیەکه ناساندن و ئاماژەپێکردنی پێگه شوێنەواریەکان له خۆدەگرێت وه له ئەکامدا 67 پێگەی شوێنەواریان ناساندووه ( Bradosty Z. R., 2018, p.10. 13).

وه له سنوری کۆیه رووپێوی شوێنەواری له شارەدێی سکتان تا گۆمەسپان له لایەن فەرمانگەی شوێنەواری کۆیه و زانکۆی پالاچکی ئۆلۆموچی له 2023 له لایەن شوێنەوارناس کارل نۆڤاچیك (Karel Novacek (Palacký University Olomouc)) ئەنجامدرا له ئاکامدا 195 پێگەی شوێنەواری تۆمارکرا وه تا ئێستاش بەردەوامن له کارکردن بەڵام ئەنجامی کارەکانیان بڵاونەکراوەتەوه (کاوێس، 2025) خشتەی 1.

| شوێنەوارناس و پرۆژە | ناوچەی وەرگیراو | ساڵی ئەنجامدان |
|---|---|---|
| روبرت بریدوود (Braidwood, Robert) | ناوچەکانی چاخی بەردینی نوێی پێش دەرکەوتنی گڵێنە( کریم شەهر و مەلفەعات و کرد جای وە ناوچەکانی چاخی بەردینی نوێی دەرکەوتنی گڵێنە (چەرمۆ و پێگەی شوێنەواری جاێی و ئیلخان و مەتارە و بانەهیلك. لە هەولێر | 1948-1962 |
| The Medieval Urban Landscape in Northeastern Mesopotamia (MULINEM) Karel Nováček | رۆژئاوhای هەولێر<br>55 پێگە | 2006-2010 |
| Erbil Plain Archaeological Survey - Harvard University | دەشتی هەولێر | 2012 |
| Upper Greater Zab Archaeological Reconnaissance (UGZAR) Rafał Koliński | هەولێر و ئاکرێ | 2012 |
| Soran Survey (From Mound to Cave)<br>Tim Kerig (Kiel University) | سۆران | 2016 |
| The Rowanduz Archaeological Program (Michael D. Danti) | رواندز | 2013 |
| Archaeological Survey in Khalifan (Claudia Beuger )<br>Martin Luther University | شارۆچکەی خەلیفان | 2014 |
| The Archaeological Survey of Koi Sanjaq/Koya (Iraqi Kurdistan): Scientific Investigations<br>and Teaching Programs (Cinzia Pappi) | کۆیە | 2016 |
| رووپێوی شوێنەواری لە ناوچەی برادۆست<br>( زێدان رەشید خان اودل برادۆستی) | ناوچەی برادۆست<br>67 | 2018 |
| رووپێوی شوێنەواری لە سنوری شارەدێ سکتان تا سماقوڵی ( فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە و )<br>Karel Novacek (Palacký University Olomouc) | کۆیە<br>195 | 2023 |


خشتەی 1: رووپێوە شوێنەواریەکانی پارێزگای هەولێر

## مێژووی ڕووپێویە لە پارێزگای سلێمانی

ڕووپێوی شوێنەواری لە پارێزگای سلێمانی هەمان مێژووی هەیە بەڵام لە سەرەتای ڕووپێویدا پشکی شێری بەرکەوتووە لە بەر ئەوەی زۆرترین ناوچەی شوێنەواری کە مێژووەکەیان بۆ چاخی بەردنی نوێی پێش دەرکەوتنی گڵینە و چاخی بەردنی نوێی دوای دەرکەوتنی گڵینە دۆزیەوە سێ وەرزی سەردانی ئەو ناوچانەی کرد وەرزی 1948 و وەرزی 1950-1951 و وەرزی 1954-1955 دواتر لە ساڵی 1962 پەرتووکێکی بە ناوی لێکۆڵینەوەی لە چاخەکانی پێش مێژوو لە کوردستانی عێراقدا. گرنگترین ئەو ناوچانەی کە کاری ڕووپێوی بۆ کردوونە بریتین لە چەرمۆ و کەریم شەهر و پێگەی شوێنەوار جای و بەردەبەلکە) (Braidwood, R. J. & Howe, B., 1960, p. 26. 28, 31).

وە لە سنوری شارۆچکەی دوکان بە درووستکردنی بەنداوی دوکان بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری عێراق پرۆژەی ڕزگاریکردنی ناوچە شوێنەواریەکانی ژێر ئاوکردنی بەنداوی دوکانیان لە ساڵی 1950 ئەنجامدا وەلە ئاکامدا زیاتر لە30 پێگەی شوێنەواریان دەست نیشانکرد ( Al-Soof, B, 1970, p.3-31).

مارك ئەلتەویل و ئەنکی مارش و کارین رادنەر لە زانکۆی لەندەن و سیمۆنە موحیل لە زانکۆی میونخ و ئۆلیڤەر نیوینهیوسی لە زانکۆی لایدن ڕوپێویەکی هاوبەشیان لە دەشتی (SSP)شارەزور لە 2009 بۆ 2011 ئەنجامدا لە ئاکامدا 30 پێگەی شوێنەواریان دەست نیشان کرد و ڕووپێوی شوێنەواریان بۆ ئەنجامدا (Alatweel, M., et al 2012, p.2).





نەخشەی (5): ڕووپێوی لە دەشتی شارەزوور (Alatweel, M., et al 2012, fig.1)

وە لە ساڵی 2011 بەڕێزان مارگرێت ڤان ئیس و مارتا لوجیانی لە زانکۆی فییەنا ڕووپێوی شوێنەواریان بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی سنوری سورداش و ئاخجەلەر و ڕۆژئاوای بازیان ناوچەکانی دەروبەری چەمچەماڵ و تا کەناری زێی بچووك. وە لە ئەنجامدا 50 پێگەی شوینەواریان دەست نیشان کرد (Van Ess, M, & Luciani, M., 2012, p. 6).

وە لە ساڵی 2011 شوێنەوارناسان کریستین کۆبینسکی و ئەلین تینو لە پرۆژەیەکیان لە ژێر ناونیشانی ( Upper Tanjaro Archaeological Survey) لە نێوان شاخی ئەزمەر و بەراناند لە گەڵ ڕووباری سیروان وە لە ئاکامدا 31 پێگەی شوینەواری ڕووپێویان بۆ کرا ( Kepinski, C., 2014, p.149).

لە پارێزگای سلێمانی لە ساڵی 2012 ڕووپێویەکی بەرفراون لە سنوری ڕانیە و پشدەر و دوکان لە ژێرناونیشانی ( Sulaimania Governorate Archaeological Survey (MAFGS) لە ژێر سەرپەرشتی شوێنەوارناس جێسیکا جیرۆد ئەنجامدرا. لە ئەنجامدا 366 پێگەی شوێنەواریان بە هەموو جۆرێکیەوە وەك تەپە و گردی شوێنەوار و ئەشکەوت دەستنیشانکرد (Giraud, J., 2019, p. 86-87).





نەخشەی (6): شوێنگەی ڕووپێوی ناوچەی دیاریکراو کە چوارگۆشەی سپی دیاری کراوە (MAFGS) (Giraud, J., 2019, fig. 1).

وە لە ساڵی 2012 دا شوێنەوارناس نەوشیروان عەزیز محمد ڕووپێوی شوینەواری لە سنوری ناحیەی سەنگاوی لە پارێزگای سلێمانی ئەنجامدا (Muhammed, N, A, 2019, p. 9, 10). شوێنەوارناسانی ئەمریکی لە ساڵی 2014دا هەردوو شوێنەوارناس ئەنتۆنیتا کاتەنزاریتی و کریستینە باکارین ڕووپێویەکیان لە ژێرناونیشانی (Qara Dagh Regional Archaeological Project) لە سنوری قەرەداغ (QDRAP) ئەنجامدا لە ئاکامدا 30 پێگەی شوێنەواریان ڕووپێوی کرد (Kostas, k. & MacGinnis, J. & Ur, J., 2015, p.37)


| پارێزگای سلێمانی | | |
| --- | --- | --- |
| Braidwood, Robert (ڕوبرت بریدوود) | ناوچەکانی چاخی بەردینی نوێی پێش دەرکەوتنی گڵێنە ( کریم شەهر و بەردەبەلکە) و وە ناوچەکانی چاخی بەردینی نوێی دەرکەوتنی گڵێنە (چەرمۆ و پێگەی شوێنەواری جای). (لە سنوری سلێمانی) | 1948-1962 |
| An archaeological salvage project in Iraq, 1956-60, Iraqi Government | Dukan | 1950 |

| | | |
|---|---|---|
| 2009 | Shahrizor Survey Project 2009–2011<br>30پێگەی شوێنەوار | Mark Altaweel, Anke Marsh, Karen Radner (University College London) (Simone Muhl) Ludwig- Maximilians-Universität München) Olivier Nieuwenhuyse) Universiteit Leiden |
| 2011 | سورداش و ئاخجەلەر و چەمچەماڵ (50 پێگەی شوێنەوار) | Northwestern Sulaymaniyah Survey- Margarete van Ess – Marta Luciani |
| 2011 | 31 پێگەی شوێنەوار | Upper Tanjaro Survey Project, Christine Kepinski and Aline Tenu |
| 2012 | پارێزگای سلێمانی، روجر ماثیوس | Central Zagros Archaeological Project |
| 2012 | لە رانیە و پشدەر و دوکان 172 پێگەی شوێنەواری دۆزرانەوە | Sulaimania Governorate Archaeological Survey (MAFGS) Jessica Giraud |
| 2014 | لە سنوری چیای قەرەداغەوە لە هەرێمی رۆژهەڵاتەوە تا چیای بەرانانەوە لە باکوری رۆژئاوا و رۆژهەڵاتەوە. 30 پێگە | Qara Dagh Regional Archaeological Project- Antonietta Catanzariti and Cristina Baccarin |
| 2017-2016 | گەرمیان<br>600 پێگە | Upper Diyala plains survey) claudia glatz) |




نەخشەی (7): ناوچە شوێنەواریەکانی قەرەداخ (https://qaradaghregionalarchaeologicalproject.org/)

وە لە سنوری گەرمیان پرۆژەیەکی تر لە ژێرناونیشانی (SRP) (Sirwan Regional Project) لە لایەن شوێنەوارناس کلاودیا گلاتز لە زانکۆی گلاسکۆ ئەنجامدرا کە شوێنەواری سەردەمی پێش دەرکەوتنی گڵێنە تا سەردەمە ئیسلامیەکانیان دەستنیشانکردووە وە سەردەمی برونزی کۆتایی (سەردەمی بابلی کۆن) برەۆژەیەکی بەرچاو دۆزراوەتەوە (Claudia, G, & Jesse, C, 2016, p.127). سنوری ئەم لێکۆڵینەوەیە یا روپێوە لە ناوچەکانی نێوان شارۆژکەی دەربەندیخان و کەلار لە خۆ دەگرێتەوە وە بە نزیکەی 600 پێگەی شوینەواری ناسێنراوە وە سەردانی 148 پێگەی شوێنەواریان کردووە ( Casana & Glatz, 2017, p.52 ) (خشتەی 2).





نەخشەی (8): نەخشەی هەرێمی ڕووباری سیروان/ دیالی ( Glatz & Casana, 2016, fig. 1 )

## مێژووی ڕووپێوی لە پارێزگای دهۆك

دهۆك شارێك پر لە پێشگەی شوێنەواری، شارێك زۆر دۆڵەمەند لە هەڵکۆڵراوی بارزی سەر شاخەکان، شارێك کە هەر لە چاخە بەردینیەکانەوە کاریگەری هەبووە لە سەر گواستنەوەی شارستانیەت لە دۆڵی خابورەوە یا لە باکوری دۆڵی دوورووبارەوە بۆ هەرێمی. دەشت و دۆڵەکانی شوێنەواری مرۆڤی کۆنی پێوە دیارە.

پارێزگای دهۆك وەك پارێزگاکانی تری کوردستان بێبەشکرابوو لە هەموو چالاکیەکی شوێنەواری تا ساڵی 2012 تیمێکی شوینەواری لە زانکۆی ئودینی ئیتالی بە سەرپەرشتی دانییلی مۆراندی پرۆژەیەکی ڕووپێوی شوێنەواریان لە ژێرناونیشانی ( The Land of Nineveh Archaeological Project (LoNAP) ئەنجامدا. سنوری ڕووپێوی شوێنەواری بۆ 497 پێگەی شوێنەواری ئەنجامدا. ئەم پرۆژەیە بەشێکی زۆری پارێزگای موسل و دهۆك گرتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری گۆمێل لە باکور وە شارۆچکەی بەردەرەش تا چیای مەقلوب لە هەرێمی و باکوری دەریاچەی موسل تا ڕۆژئاوای شارەدێی سێمێل لە هەرێمی ڕۆژئاوا لە خۆدەگرێت و شوێنەواری چاخە بەردینیەکان تا سەردەمی ئیسلامی تێدا دۆزراوەتەوە (خشتەی 3).





نەخشەی (9): ڕووپێوی پرۆژەی (LoNAP) Morandl, D. & Lamoni, M, 2015, fig.3

| پارێزگای دهۆک | | |
|---|---|---|
| Land of Nineveh project- Daniele Morandi Bonacossi Lonap LoNAP | Duhok 497 | 2012-2013 |
| Eastern Habur Archaeological Survey- Prof. Dr. P. Pfälzner EHAS | Zakho-Duhok Zone B 132 sites Zone C 74 sites | 2013 |

خشتەی 3: ڕووپێویە شوێنەواریەکانی پارێزگای هەولێر

وە لە 2013دا زانکۆی توبنگنی ئەلمانی بە سەرپەرشتی شوێنەوارناس پیتەر پڤالزنەر (Pfalzner) ڕووپێویەکی شوێنەواری لە بەشی ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان (Eastern Habur Archaeological Survey) لە پارێزگای دهۆك ئەنجامدا. شوێنی ڕووپێوی لە ڕووباری دیجلەوە درێژدەبێتەوە تا زنجیرە چیایەکانی زاگرۆس کە هاوسنورن لە گەڵ وولاتی تورکیاز زیارتر ڕوونتر ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی ئامێدی لە خۆدەگریت تا ڕۆژهەڵاتی ڕووباری خابوور لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ وە تا بەشی هەرێمی ڕۆژئاوای شارەدێی سێمێل بەردەوام دەبێت. ناوچەکانی بۆ پێنچ ناوچە دابەشکردووە وە بە پیتی ئینگلیزی ناوی ناون. ناوچەی A کەناری ڕۆژهەڵاتی بەنداوی موسل لە خۆدەگرێت وە ناوچەی B بەشی ڕۆژئاوای شارەدێی سێمێل لە خۆدەگرێت. وە ناوچەی C لەمانگیشەوە تا زاخۆی لە خۆگرتووە. وە ناوچەی E شارۆچکەی ئامێدی و بامەرنێ و سەرسەنگی لە خۆگرتووە. وە ناوچەی D زیاتر ناوچەشاخاویە سنوری تورکیا لە خۆدەگرێت سنوری کانی ماس لە ڕۆژهەڵات تا ڕۆژهەڵاتی خابوور. پڤالزنەر ئەو ناوچانەیان ڕووپێوی کردووە کە شوێنەوارناس دانیالی موراندی ڕووپێویان نەکردووە وە بە نزیکەی زیاتر لە 220 پێگەی شوێنەواری دیاریکردووە. هەردوو پرۆژەی پڤالزنەر و پیتەر تەواوی پارێزگای دهۆکی لە خۆگرتووە هەردوو پرۆژەکە تەواوکەری یەکترن وە پرۆژەی کۆلنسکی بەشی ڕۆژئاوای زێی گەورەی لە خۆگرتووە تا ئیدارەی سەربەخۆی ئاکرێ.




نەخشەی (10): ناوچەکانی ڕووپێوی پارێزگای دهۆك لە لایەن پرۆژەی (EHAS). (Pfalzner & Sconzo, 2015, Fig. 4)

## گرنگترین ئەو شوێنە شوێنەواریانەی ڕووپێویان بۆ کراوە

کارەکانی پرۆسەکانی ڕووپێو کەلە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام درا توانرا زیاتر لە 6000هەزار پێکەی شوێنەواری بدۆزێتەوەو تومار بکرێت.شایانی باسە لەم پرۆسەیە دا تیم و دەزگا ئەکادیمی و ناوەندە زانستیەکانی سەر بە زانکۆ ناوبانگەکانی جیهان ڕووپێوی تۆکمەیان بە هاوبەشی لە گەڵ بەڕێوەبەرایەتیە شوێنەواریەکانی پارێزگاکان ئەنجامداوە ئەمانە جێگای دڵخۆشین کە زانیاری بەنرخ دەخەنە سەر کرۆنۆلۆژیای مێژووی میلەت و هەرێمی کوردستان. هەرچەندە بەشێك لەم کارانە هێشتا بەردەوامن وە بەشێکشیان تەواوکراون. بەڵام بەداخەوە بەشێك لە کارە تەواوکراوەکان ئەنجامەکانیان بڵاونەکردۆتەوە بۆ ئەوەی سوود بە توێژەران و شوێنەوارناسان بگەیەنێت. هەربۆیە بەشێك لەم ڕووپێویانە هێشتا ئەنجامەکانیان بە نادیاری و ناروونی ماوەتەوە. بەشێك لەو کارانەی کەپێشتر ئاماژەمان پێدا وەك کاری ڕووپێوی بەرێز کۆلنسکی کە هەردوو بەشی ڕۆژهەڵاتی زێی گەورەو بەشی ڕۆژئاواوی زێی گەورەی لە خۆگرتووە ئێستاکە ئەنجامەکانی لە چەند بەرگێگی شوێنەوار بەردەستە. کاری لەم جۆرە سوود بە مێژووی وڵاتەکەمان دەگەیەنێت. لەبەر ئەوەی ئەنجامی کۆتایی تەواوی پرۆسەکانی ڕووپێوی شوێنەواریی گشت ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بڵاونەکراوەتەوە. بۆیە ئێمەش تەنها ناوی بەشێك لەو پێگەی شوێنەوارانە ئاماژە پێدەدەین کە سەردەمەکانی تێدا دۆزراوەتەوە. وە بۆ ئەمەبەستەش بە پێی ڕیزبەندی کرۆنۆلۆژیایەوە لە چاخەکانی کۆنەوە بۆ سەردەمەکانی نوێ ڕێکمان خستووە.

## چاخی بەردینی کۆن

ناوچەکانی هەرێمی کوردستان خاوەنی مێژوویەکی دێرینە هەر لە چاخەکانی بەردینی کۆنەوە بنەماکانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی گەشەی کردوە بۆیە هەر لەو کاتەی مرۆڤ چاوی هەڵهێناوە شوێنەواری لە وڵاتەکەمان جێهێشتووە وەك شوێنەوارە دۆزراوەکانی لە ئەشکەوتی شانەدەر و زەرزی و هەزارمێرد (Garrod, D, 1930, p. 9) ئەشکەوتی کاوانیان و ئەشکەوتەکانی تر کە هێشتا ئەنجامەکانی ڕووپێوی بڵاونەکراوەنەوە. دەکرێت ڕووپێویەکان و هەڵکۆڵینە نوێیەکان ئەم پشتراست بکەنەوە (Braidwood, R. J. & Howe, B., 1960, p. 155).

## چاخی بەردینی ناوەڕاست

دوای ئەوەی مرۆڤی کۆن بە شێوەیەکی کاتی ڕووی لە دەشتەکان کرد بۆ درووست کردنی پەناگەیەکی کاتی بۆ وەرزی هاوین وە دواتر دووبارە ڕووکردنی بۆ ئەکەوتەکان لە وەرزی زستان شوێنەوارەکانی خۆی لە گوندە کاتیەکان جێهێشتووە وەك زاوی چەمی لە نزیك ئەشکەوتی شانەدەر

و شوێنەوارەکانی زاوی چەمی نزیك ئەشکەوتی زەرزی گەواهیدەری ئەم سەردەمەن (Solecki, 1969. p.179) (Matthews, R., et al., 2020b, p. 43).

## چاخی بەردینی نوێ

دوای ئەوەی مرۆڤ بەیەکجاری رووی لە درووستکردنی پەناگەی هەمیشەیی کرد لە دەشت و دۆڵەکان هەڵسا بە درووست کردنی گون و لادێ وەك شوێنەوارەکانی چەرمۆ و مەلفەعات و بەردەبەلکە و کەریم شەهر و نەمریك (Braidwood, R. J. & Howe, B., 1960, p. 29). وە خۆشبەختانە لە رووپێوی شوێنەواری ئوزگار 5 پێگەی شوێنەواری بۆ کۆتای سەردەمی چاخی بەردینی نوێ دۆزرانەوە وە 5 پێگە بۆ سەردەمی حەسونە لە هەردوو بەشی رۆژهەڵات و رۆژئاوی زێی گەورە دۆزرانەوە (Kostas MacGinnis& Ur, 2015, p. 28).

## چاخی بەردینی کانزایی

دوای ئەوەی چاخی بەردینی نوێ کۆتایی هات و مرۆڤی کۆن پێویستی بە درووستکردنی کانزا بوو بۆ پرکردنەوەی پێداویستیەکان شوێنەواری ئەم سەردەمە لە (ئوزگار) زیاتر لە 23 پێگەی شوینەواری لە هەردوو بەشی رۆژهەڵات و رۆژئاوی زێی گەورە دۆزرانەوە. وە (19) پێگەی شوینەواری بۆ سەردەمی عوبێد و (20) پێگەی شوێنەواری بۆ سەردەمی حەلەف دۆزرانەوە (Kolinska, 2024a, 1-111).

## سەردەمی برونزی کۆن و ناوەراست

ئەم سەردەمە زۆر گۆرانکاری لە مێژووی مرۆڤ روویدا وەك دەرکەوتنی نووسین و دەرکەوتنی شار و کارگێری و داهێنانی یاسا هەرێمی کوردستانش لەم گۆرانکاریانە بێبەشنەبووە شوێنەواری ئەم سەردەمە لە پرۆژەی (ئوزگار پێشتر لە لاپەرە 6 زانیاری دەربارەی بۆ کراوە) بە نزیکەی (20) پێگەی شوێنەواری سەردەمی ئوروك دۆزرانەوە ((Kolinska, 2024a, 111-179) وە بە نزیکەی (55 ) پێگەی شوێنەواری بۆ نەینەوا 5 دۆزرانەوە (Kolinska, 2024a, 207-223).

شوێنەوارەکانی سەردەمی برونزی ناوەراست لە دەشەکانی گەرمیان و شارەزوور بە شێوەیەکی بەرچاو دۆزرانەوە وە زیاتر ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی لە خۆدەگرێتەوە.

## سەردەمی برونزی کۆتایی و ئاسنی

ئەم سەردەمانە شوێنەواری زۆریان لە هەرێمی کوردستان هەیە بە نزیکەی هەزاران پێگەی شوێنەواری لە هەرچوار پارێزگاکە مەزەندە دەکرێت چونکە سەردەمی میتانی و خوریەکان و ئورارتیەکان کە هەرێمی کوردستان لانکەی ئەو گەلانە بوونە شوێنەوارایان لە زۆربەی پێگەی شوێنەوارەکان هەیە. وە سەبارەت بە شوێنەواری سەردەمی ئاشوری نوێ شوێنەواری ئەم سەردەمی لە هەموو پێگەی شوێنەوارەکان دۆزراوەتەوە چونکە ئاشوریەکان راستەخۆ دوای نەمانی میتانی و ئورارتیەکان لە ناوچەکە جێگیربوونە و داگیریان کردووە بۆ زیاتر لە 9 سەدە لە ناوچەکەدا ماونەتەوە. لە ئەنجامی رووپێویەکانی ناوچەکانی باکوری پارێگای هەولێر بە تایەبەت ناوچەکانی سنوری شارۆچکەی سیدیەکان و سۆران و چۆمان شوێنەواری ئورارتیەکان بەدی دەکرێت. وە شارەدێی خەلیفان ناوچەی سنوری نێوان دەسەڵاتی ئورارتی و ئاشوریەکان بووە.

## سەردەمەکانی تر

لە دوای نەمانی سەردەمی ئاشوری نوێ لە هەرێمی کوردستان میدیەکان و هلنستیەکان و ئەشکانیەکان و ساسانیەکان و سەردەمەکانی ئیسلامی فەرمانرەواییان کردووە. لە ئەنجامی رووپێوی شوێنەواری (ئوزگار) بە نزیکەی (88 ) پێگەی شوێنەواری سەردەمی هلنستی دۆزرایەوە وە (90) پێگەی شوێنەواری سەردەمی ئەشکانی دۆزرایەوە وە (100) پێگەی شوێنەواری سەردەمی ساسانی (100) دۆزرایەوە. وە لە دەشتەکانی رانیە و پشدەر بە سەدان پێگەی شوێنەوار شوێنەواری ئەم سەردەمیان تێدا دۆزراوەتەوە. وە لە دەشتی هەولێر دووبارە ئەم سەردەمانە لە زۆربەی پێگەی شوێنەواره شوێنەوارەکانی ناوچەکە دۆزراونەتەوە (Kolinska, 2024b, 1-259).

وە سەبارەت بە سەردەمە ئیسلامیەکان هەرێمی کوردستان زۆربەی ناوچەکانی بەم سەردەمانە تێپەریون. سەردەمی ئیسلامی کۆن لە پرۆژەی (ئوزگار) بە نزیکەی لە (81) پێگەی شوێنەواری دۆزراوەتەوە. وە سەردەمی ئومەوی بەنزیکەی لە (155) پێگەی شوێنەواری دۆزراوەتەوە وە سەردەمی عەباسی بە نزیکەی لە (31) پێگەی شوێنەواری دۆزراوەتەوە. وە سەردەمی ئیسلامی ناوەراست لە 24 پێگە دەرکەوتوون . وە سەردەمی ئسلامی کۆتایی لە (67) پێگە دۆزراوەتەوە وە سەردەمی عوسمانی بە نزیکەی لە (76) پێگەی شوێنەواری دۆزراوەتەوە (Kolinska, 2024b, 259-323).

## ئەنجام و دەرهاوێشە مێژوویەکانی هەڵکۆڵینە شوێنەواریەکان لە سەر ناوچەکە.

لە کۆتایی توێژئنەوەکەدا گرنگترین ئەنجامەکانی لەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینە روو :


1- کۆنترین رووپێوی شوێنەواری لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدرابێت لە لایەن رۆبرت برەیدوودە لە ساڵی 1948 کە ناوچە شوێنەواریەکانی چاخەکانی بەردینی و پێش مێژووی رووپێوی بۆ کردوون وە بۆ هەندێکیان هەڵکۆڵینی بۆ کردوون بەتایبەتی لە هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی.

2- لەم توێژنەوەیەدا گەیشتین بەو ئەنجامەی کە زیاتر لە 6000 هەزار پێگەی شوینەواری لە ناوچەکەدا هەن و رووپێوی رووپێویان بۆ ئەنجامدراوە.

3- لە رووپێویەکاندا چڕی نیشتەجێبوون زۆری پێگە شوێنەواریەکان لە پێدەشتاییەکان زیاتر دەردەکەون وەك ئەوەی لە ناوچە شاخاویەکاندا هەبێت. چونکە دەشتەکان خاکی لە باربوونە بۆ درووستبوونی شار و لادێ و زەوی زۆریان هەبووە بۆ کشتوکاڵکردن.

4- رووپێویەکانی ناوچە شاخاویەکان زانیاری تۆکمە دەدەن بەدەستەوە وەك ئاماژەیەك کە ئەم ناوچانە لانکەی مرۆڤایەتی بن بە بەڵگەی هەبوونی ئەشکەوت و پەناگەکان.

5- هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی سالانێکی زۆر لە هەرچی چالاکی شوێنەواری وەك هەڵکۆڵین و رووپێوی و نۆژەنکردنەوە بێبەشکرابوو ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کەوا ئەم ناوچەیە بووەتە ناوچەی شەرو پێکدادانی نێوان هەردوو وولاتی عێراق و ئێران لە ساڵی 1980 وە لەم رێکەوتەوە تا دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە 2003ەوە وە یەکەم پرۆسەی رووپێوی شوێنەواری لە 2006 لە لایەن شوێنەوارناسی چیکی کارێل نۆڤاجیك لە رۆژئاوای شاری هەولێر ئەنجامدرا. ئەوەی جێگای دڵخۆشیە لەم توێژینەوەدا بۆمان دەرکەوت تاکو ئێستا بەشێکی زۆری پارێزگاکانی هەریم رووپێوی شوێنەواریان بۆ ئەنجامدراوە. گەر بروانینە روپێویەکان لە پارێزگای هەولێر بەم شێوە ناوچەکان و پێگە شوێنەواریەکانی گردۆتەوە هەر لە دەشتی هەولێر و رۆژئاوای هەولێر دەستی پێکردووە تا شەقڵاوە و دەشتی هەریر و خەلیفان و رواندز و کۆیە. وە لە پارێزگای سلێمانی دەشتی رانیە و دوکان و پشدەر و باکوری سلێمانی و دەشتی شارەزوور و دۆڵی قەرەداغ و ناوچەکانی ئاخچەلەر و چەمچەماڵی لە خۆدەگرێتەوە. وە لە پارێزگای دهۆك ناوچکانی رۆژئاوی زێی گەورە تا ئاکرێ و دەشتی ناڤکوری لە خۆگرتووە. وە لە شارەدێی سێمێل تا زاوێتە و کەنارەکانی باکوری بەنداوی موسل. وە لەپرۆژەیەکی تردا لە ئامێدیەوە تا زاخۆ درێژدەبێتەوە تا رۆژئاواوی شارەدێی سێمێل. بەشێك لەم رووپێوانە تا ئێستا لە کارەکانیان بەردەوامن وە بەشێکیان تەواو بوونە بەڵام ئەنجامەکانیان بڵاونەکردۆتەوە وە تەنها پرۆژەی ئوزگار (**UGZAR**) نەبێت ئەنجامەکانی بڵاوکراوەتەوە. لە کۆتاییدا گەر ئەنجامەکانی رووپێویەکان بڵاوبکرێنەوە ئەوە زانیاری نوێ و تۆکمە دەخەنە سەر مێژووی کۆنی شارستانیەت و گەلانی کۆنی هەرێمی کوردستان و باکوری میزۆپۆتامیا.




نەخشەی (11): نەخشەی GIS ئەو شوێنانەی کە رووپێوی شوێنەواریان بۆکراوە بە ووردی نیشانی دەدات (https://arcg.is/rXSve0)

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردی و عەرەبیەکان:


1. الحسينى، عباس على عباس، 2022، المسح الاثري .. تقنيات و مناهج و تطبيقات، مجلة دراسات في التاريخ و الاثار، عدد81، ص 3-56
2. الطلبي، جمعة، 2021، المسح الاثري، بغداد
3. عثمان، عبدالله بكر، **2024**، باشوری کوردستان لە ژێر ڕۆشنايي هەڵکۆڵینی شونەواریەکاندا (پارێزگای هەولێر بە نموونە)، گۆڤاری قەڵای زانست ب٩، ژ٣، لاز ١-١٩
4. کاوێس، هێمن نعمان، ڕووپێوی شوێنەواری لە شارەدێ سکتان تا گۆمەسپان، 2025/4/5، چاوپێکەوتن.


### سەرچاوە بیانیەکان:


1. Adams, R. M, 1981, Heartland of cities. Surveys of Ancient Settlement and Land Use on the Central Flood plain of the Euphrates, Chicago, London, pp. 27-43.
2. Alatweel, M. et al, 2012, New Investigations in the Environment, History, and Archaeology of the Iraqi Hilly Flanks: Shahrizor Survey Project 2009–2011, Iraq74, pp.1-36.
3. Al-Soof, B. Abu, 1970, Mounds on the Ranya Plain and Excavations at Tall Basmusian (1956). Sumer 26, pp. 3–31 and pp. 65–104.
4. Bradosty Z. R., 2018, Archaeological survey of Bradost area. In: Bradosty Z. and Zamua D.A. (eds.), Archaeology and Heritage of Hawler-Erbil. Proceedings of the 2nd international scientific conference, Erbil, 8th-9th May 2018: 10-31. Erbil: Salahaddin University.
5. Beuger, C. et al, 2018, Archäologische Forschungen im nordwestlichen Zagros, Bericht zum Khalifan-Survey 2016–2017, MDOG 150, pp. 45-88.
6. Braidwood R. J. & Howe B. 1960, Prehistoric investigations in Iraqi Kurdistan, Chicago: University of Chicago (Studies in Ancient Oriental Civilization 31).
7. Braidwood, R. J. & Howe, B., 1960, Prehistoric Investigations in Iraqi Kurdistan, Studies in Ancient Oriental Civilization 31, The University of Chicago Press.
8. Casana, J & Glatz, C., 2017, the Land behind Baghdad: Archaeological Landscape of the Upper Diyala (Sirwan) River Valley, Iraq 79, pp. 47-59
9. Claudia, G, & Jesse, C, 2016: Of highland-lowland borderlands: Local societies and foreign power in the Zagros-Mesopotamian interface, Journal of Anthropological Archaeology 44, pp.127–147.
10. Garrod, D.A.E. 1930: The Paleolithic of Southern Kurdistan: Excavations in the Caves of Zarzi and Hazar Merd. Bulletin of the American School of Prehistoric Research, No. 6, pp. 9–43
11. Jacobsen, G. A, 1995, Searching for Sumer and Akkad. In. Sasson, J.M (ed.) Civilizations of the Ancient Near East. New York, pp. 285-339.
12. Karel, N., et al, 2016, Medieval Urban Landscape in Northeastern Mesopotamia, Archaeopress Archaeology, Oxford.
13. Kerig, et al, 2019, From Mound to Cave". Excavating for modeling economic landscapes in the Soran district, Iraqi Kurdistan, paleorient 45-2, pp. 231-242
14. Kepinski, C., 2014. Research in the Suleymaniyah Province (Iraq): The upper Tanjaro Survey. P. Bieliński et al. (eds.), Proceedings of the 8th International Congress on the Archaeology of the Ancient Near East 30 April – 4 May 2012, University of Warsaw, Volume 2, Wiesbaden, pp. 149–164.
15. Koliński, R., 2018, An archaeological reconnaissance in the Greater Zab area of the Iraqi Kurdistan (UGZAR) 2012-2015 », in B. Horejs et al. (éd.), Proceedings of the 10th International Congress on the Archaeology of the Ancient Near East: April 25-29, 2016, Vienna, Wiesbaden, Harrassowitz, 2018, vo. 2, pp. 13-26.
16. Kostas, k. & MacGinnis, J. & Ur, J., 2015, Archaeological Projects in the Kurdistan Region in Iraq. The Directorate of Antiquities of Kurdistan, pp.1-59.
17. Kolinska, 2024a, Material studies, Prehistory, Pottery, Lithics, Stamps, Wiesbaden.
18. Kolinska, 2024b, Material studies, Hellenistic-Islamic, Coins, Glass, Inscriptions, Pipes, Pottery, Relief, Stamps, Wiesbaden.
19. Mallowan, M. E. L., 1958, Twenty-Five Years of Mesopotamian Discovery (1932-1956), Journal of Near Eastern Studies 17, N 4, pp. 276–277.
20. Matthews, R., et al., 2020b, Intensive field survey in the Zarzi Region. In R. Matthews, W. Matthews, K. Rasheed Raheem, & A. Richardson (Eds.), The early Neolithic of the Eastern Fertile Crescent: Excavations at Bestansur and Shimshara, Iraqi Kurdistan, pp. 43–56.
21. Michael D. Danti, 2014, The Rowanduz Archaeological Program 2013, First Report to the Kurdistan Regional Government (Boston University) (unpublished report)
22. Morandi, D., B., & Iamoni, M., 2015: Landscape and Settlement in the eastern upper Iraqi Tigris and Navkur Plains: The Land of Nineveh Archaeological project, Season 2012-2013, Iraq 77, pp. 9-39.
23. Muhammed, N, A, 2019, Archaeological survey in Sangaw District area. In: Bradosty Z. and Zamua D.A. (eds.), Archaeology and Heritage of Hawler-Erbil. Proceedings of the 3nd international scientific conference, Erbil, 29th-30th April 2019: 8-26. Erbil: Salahaddin University.
24. Pappi, C., 2016, The Archaeological Survey of Koi Sanjaq/Koya (Iraqi Kurdistan): Scientific Investigation and Teaching Programs (unpublished report). pp. 1-11.

25. Pfalzner, P., & Sconzo, P., 2015: First Results of the Eastern Ḫabur Archaeological Survey in the Dohuk Region of Iraqi Kurdistan. The Season of 2013, ZOrA 8, pp. 90-122.
26. Salman, I. (1970). Archaeological sites in Iraq. Baghdad
27. Salman, I. (1976). Atlas of the archaeological sites in Iraq. Baghdad
28. Sconzo, P. & Simi, Francesca, 2020, Settlement Dynamics on the Banks of the Upper Tigris, Iraq: The Mosul Dam Reservoir Survey, 1980, Journal of open archaeology data 8, N3, pp. 1-5
29. Solecki R. S. 1998, Archaeological survey of Caves in Northern Iraq. International Journal of Kurdish Studies 12, 1: pp. 1-70.
30. Ur, J., et al, 2013. Ancient cities and landscapes in the Kurdistan region of Iraq: The Erbil Plain Archaeological Survey 2012 season. Iraq 75, pp. 89-118.
31. Van Ess, M, & Luciani, M., 2012, Survey in the Northwestern Province of Sulaimaniyah (Northern Iraq), Deutsches Archäologisches Institut Orient Department Research Projects, pp.1-10

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC-7

# History of archaeological survey in the Kurdistan Region

**Abdullah Bakr Osman**

Archaeology, Literature, Salahaddin University, Kurdistan Region – Iraq

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **April 2025** |
| Accepted | **May 2025** |
| Published: | **August 2025** |

**Keywords**

**Surveying, Archaeology, Civilization, Kurdistan, History.**

**Corresponding Author**

**Abdullah.othman@su.edu.krd**

**abstract**

Archaeological survey is a scientific field process carried out by archaeological experts, the purpose of this process is to search and discover archaeological sites and record information on archaeological sites and identify them on maps It's an archaeological site. The study deals with the history of archaeological surveying in the Kurdistan Region since the appearance of archaeologists. Archaeological surveying has continued as archaeological excavations, but surveying has an older history because surveying means exploring and finding archaeological sites. The guards initially conducted unscientific archaeological searches voluntarily. And since the 19th century, archaeologists have made this process scientific. The Kurdistan Region has been one of the regions that has attracted the attention of foreign archaeologists and their work has led to the discovery and revelation of ancient civilizations in our region. The study examines the essence of the ancient history of archaeological surveying and new archaeological surveying and goes into depth. It analyzes the old and new archaeological surveys of the three provinces with data and presents the results on the archaeological .history and civilization of the region